


# کوردوستانی ڕۆژهەڵات لەنێو گەمەی مێژوودا

## کوردوستان پێش جەنگی جیهانی یەکەم

حەسەن مەحمود حەمە کەریم

94

**دەست پێك :**

کورد یەکێکە لە گەلە زیندوەکانی سەر گۆی زەوی ، مێژووەکەی وا نیشان دەدات کە لە کۆنترین گـەلانی ڕۆژ هـەلاّتی ناوەڕاسـت بێـت ، سەرچـاوەکان چـالاکی و ڕوداوی زۆری ئـەم میللەتـەیان گێڕاوەتەوە ، خاوەنی مێژوویەکی دەوڵەمەندە ، لەگەڵ ئەوەدا هێشتا هەر زۆر لای ونە ..

مێژووی کورد بە زۆری ڕۆژهەلاّت ناس یان داگیر کەرانی دەرو دراوسیێ بەزەینی دوژمنکارانەی خۆیـان نوسـیویانە، شـێواندویانە ، کـەم و زیادیـان بـۆ کـردوە، لایەنـە بـەهێز و سـەروەریەکانیان شاردوەتەوە ، لاوازەکانیشیان بە زەقی دەرخستوە ، بەو جۆرەیان نیشان داوە کە کورد دڕندەیە ، نەزانە ، بیێسودە ، کاری لەسەر ناکریێ ، بۆ هیچ هاوکێشەیەك ناشێت ...

ئەوە ستەمە لە کوردمان ، لە خاکمان ، لە بونمان ، لە مێژوومان ، لە چارەنوسمان کراوە ، بۆ ڕاست کردنەوەی، هەوڵی دڵسۆزان ڕەنجی شەو و ڕۆژ ، کات و سات و ماوەی زۆری دەوێت ..!!

مێژوو پێویستیەکی گرنگە ، میللەتانی تر زۆر گوێیان پـیێ داوە تەنها لە ئەوروپا 350 دەزگای نوسـینەوە و لێکۆڵینـەوە لـە مێـژوو هەیـە ، بـەردەوام لـە نوسـینەوە و خوێندنـەوەو گـەڕان و کنـەو پشکنینی شوێنەوار و ئاسەوارو ئەفسانەکاندان .. بەلاّم کورد هێشتا بەرچاوی ڕابووردوی دیارنیە لە مێژووەکەی دوورە، هەر بۆیە پاشە ڕۆژی ڕون نیە ، کاری پێشینانی بە هیچ دەزانێت بیێ نرخ سەیری دەکات، بە دەستی خۆی ئاسەوارە بەنرخە پڕ سەروەریەکانی ژێر زەوی هەڵدەتەکێنێت و ئاودیوی سنوری دەکات ، ڕوداوەکانی باو باپیری بە ئەفسانەو شتی پڕ و پوچ لە قەڵەم دەدات ، هەستی پاراستنی کولتوور و کەلەپوری خۆی نیە نازانێت ئەوانە جیێ دەستی پێشینانی ئەون ، دەبێـت پیرۆز و بـەڕێز و بـەنرخ سـەیر بکـرێن و ئـەمڕۆی خۆیـانی تیا بخوێننـەوە ، نرخـی کـاری پێشوەکانی تیا بدۆزنەوە ئایندەی تیا دیاری بکات چونکە ئەوەی مێژووی نەبیێ کەسێتی ونە و نیە ، ناتوانیێ خۆی بناسیێ یان خۆی بناسێنیێ..

لێکۆڵـەرەوە و مێژوونوسـان زۆریـان بـاس لـە پێناسـەو گرنگـی مێژوو کردووە ووتویانە ( مێژوو زانستێکی گـەورە و بـە کەڵکـە ، بەڵکو زانستی زانستەکانە ، هـیچ زانیاریـەکی گـرنگ نیـە مێـژووی تایبەتی خۆی نەبێت ، لە هەمووان گرنگ تر مێژووی ژیانە ، کە گشت زانست و ڕوداوەکانی ڕۆژانەو ئالّو گۆڕەکانی کۆمەڵ دەگرێتەوە ، بۆ هەرکەسێك بیەوێت وانەکانی مێژوو زۆر گـەورەن ... نـەمری ڕاستەقینە لای مێژووە...) ئەمە وتەی مامۆستا کەمال مەزهەر بوو ، شەرەفخانیش پێش 500 ساڵ لەمەو بەر وتویەتی (مێژوو لە سەروی هەموو هونەرەکانەوەیە...) مێژوونوسی یۆنانی هیرۆدۆت کە 2500 ساڵ لەمەو بەر ژیاوەو بە باوکی مێژوو ناودارە بۆ مێژوو دەڵێت (مێژوو گـەڕان و پشکنینە بەدوای کرۆکی ڕوداو و کارەساتە کۆنەکاندا..)، واتە یۆنان لـەو کاتـەوە تـا ئـەمڕۆ مێژووی خویـان نوسیوەتەوە ... (تەبەری) عەرەب پێش زیاتر لە 1200ساڵ لەمەو بەر وتویەتی (مێژوو هونەرێکە لە ڕوداوەکانی ڕۆژانە دەکۆڵێتەوە ...) مسعودی و سەخاوی و ئیبن خەلدون و دەیانی تر هـەر یەکـەیان جۆرە پیناسـەیەکیان بۆ مێـژوو هەیـە و بە گرنگی باسیان بۆ میللەتەکەی خۆیـان کـردووە .. بـەلاّم کورد هێشتا لە ناسینی مێژووی خۆیدا ساوایە...



گەر تێڕوانین هەبێ مێژوو نەوەیەکی ژیری وا دێنێتە گۆڕێ کە هەڵەکانی کۆن وەک ئاوێنەیەک لە بەر چاوبگرێ و دووبارەیان نەکاتەوە ، شارەزای ژیان و ژیارو کردار و گوفتاری ڕابوردوومان دەکات ، میللەتی چاک دێنێتە مەیدان کورد خاوەنی مێژووی دەوڵەمەندی خاوەن ڕوداوو داستانە پڕیەتی لە ئەزموون چەندەها هاوکێشەی تەواوو و ناتەواوی لە سەر خاکەکەی بینیوە ، بوەتە تاقیگەیەکی گەورە و پڕ لە (وانە ) ، دەتوانێت نەخشەی نوێ و پرۆژەی چاک و سەرکەوتوانەی لێ بەرهەم بهێنێت...

مەخابن.. ئەگەر سەیری بارو دۆخ و ژیانی دوێنێی کۆن و ئەمڕۆی نوێمان بکەین ، پێوەی دیار نیە کە کورد مێژووی خۆی شەن و کەو کردبێت ، یاخود بەو چاوەوە سەیری کردبێت کە خۆی تێدا بدۆزێتەوە ، نابینی سوود لە ئەزمونە پێشوەکان وەرگیرابێت ، هەڵەکان نەک جارێک بەڵکو دەیان جار دووبارە بونەتەوە ، هەموو جاریش دەرەنجامی پێشوو چنگ کورد کەوتوە..

مەخابن.. کورد مێژووی پڕ ئەزمونی بە دەرمان خانەیەک نەزانیوە تاوەکو دانایانە تیماری دەردەکانی تیا کردبێت .. ئەمە لەلایەک .. لەلایەکی ترەوە نوسەرانی مێژووی کورد لە بری ئەوەی دەست نیشانی خاڵی لاواز و بەهێزی ژیانی کۆنی کورد بکەن هاتوون مێژوەکەیان وەک چیرۆک خوێنەکانی ناو دیوەخانی شەوانی زستان و بەر ئاگردان گێڕاوەتەوە ، تەنانەت خۆشیان لەگەڵیاندا هەڵچوون و داچوون وئەوەندەی تر بابەتەکەیان ئاڵۆزتر کردووە ...

مێژوو نەمری بەگەل دەدات گەلی بێ مێژوو وەک درەختی بێ ڕەگ وایە کە مردنی مسۆگەرە..ئەو گەلانەی لە مێژوو گەیشتوون و بەهای مێژویان زانی بونە خاوەن مێژوو. ئەوانەش بایەخیان پێنەدا و نرخیان نەزانی بێبەش بون.. جێی خۆیەتی گرنگی زۆر بە مێژووی کۆن ونوێمان بدەین، بۆ پەیوەستکردنی ڕابردوو بە ئێستاوە چونکە ئێستە نابێت بە بێ ڕابردوو.. گەلی کورد لەکۆنەوە کۆشاوە لە پێناو مانەوەو نەتاوانەوە لە بۆتەی گەلە دراوسێکانی دا ،ئەوەی یاریدەی داوە بمێنێتەوە کێوە سەربەرزەکانی بوە کە تاکە هاوڕێو پشت وپەنای بوە لە تەنگانەدا فریای کەوتوەو لێی جوێنەبوەتەوە، ئەگەر دۆستەکانیشی وازیان لێ هێنابێت کێوەکانی دەست بەرداری نەبوەو باوەشی بۆ ڕۆڵە هەمیشە کڵۆڵ ولێقەوماوەکەی کردوەتەوە.. مێژووی ژیانی کورد بەشێکی خوێناوییە لە بەختی ئەو گەلەی کە هیچ دەسەلاتێک بەڕەوای نەبینیوە ماف وئازادی لە سەر خاکی




باوو باپیری پێ ببەخشێ.. کارەکە بە جۆرێك بوو هەر ڕێکەوتن و پرۆتۆکۆلێك مۆر دەکرا بەشی کورد سفر دەکراو هەرچی هەوڵێك خۆشی دەیدا لە سیاسەتداری و شۆڕش و ڕاپەڕین و دەوڵەت ، لەبار دەبرا..

کورد یەکێکە لە گەلە زیندوەکانی سەر گۆی زەوی مێژوویەکی دێرینی بۆ خۆی تۆمار کردوە پڕیەتی لە سەروەری ئەوە دەهێنێ بە شانازیەوە باسی بکرێت، هەروەها لایەنی شکستی وداڕوخانیشی تیایە کەمرۆڤ بە خوێندنەوەی دێتە لەرزەو خشۆکەی بە جەستەدادێت..

دەبا خوێنەران و سەرکردەکانی کورد ، مێژووەکەمان بە دەرمانخانەیەکی پڕ لە ئەزموون و وانە سەیر بکەن، بە گەوهەرێکی جێماوی دانسقەی بزانن، ئاسەوارە جێماوەکانی باپیرانمان بە یادگاری پێشینەکانمان بزانن و بە هەرزان لە دەستی نەدەن ..!!

**مێژووی کورد لە دوای دەوڵەتی ماد**

هەموو نەتەوەیەك مێژووی جوان وبەرزو دەوڵەتداری بوە، هەروەها نزمی وکەندەڵان و نشێوی وژێر دەستەشی بووە، بەهەردوو لایەنەکەوە ئەنجا مێژوو پێك دێت. هیچ لایەکیان نابێت لە یاد بکرێت چونکە مێژوی هەر گەلێك ناسنامەیەتی. ئاوێنەیەکی پڕلە ئەزمونە ،دەکرێ هەموو جار بۆی بگەڕێیتەوەو وانەی بەرزو تیماری دەردی لێ هەڵبگۆزیو ئەمڕۆو ئایندەی لەسەر دیاری بکات. مێژوی هەموو گەلانی ناوچەکە باسی ئەوەیان کردوە کە کورد بونی بوە شان بەشانی ئەوان لە سەردەمە دێرینەکانەوە ژیاوەو کاریگەری بوە خۆی سەلماندوە، باسی زۆری گوتی ولۆلۆیی وکاسی وسۆباری ونایری وکاردۆخی ومیدی هاتوە.. بەڵام دوای ڕوخانی دەوڵەتی ماد 772ـ 525پ.ز، دوای ئەوە ئیتر نەیتوانی بونێکی سیاسی سەرانسەری لەو جۆرە لەسەرخاکی خۆی بنیادبنێ، دوای (ماد) فارسەکان واتە ئەخمینی هەخامەنشینی بۆ ماوەیەك 525پ.ز ـ332پ.ز کوردیان ژێر دەست

خستوە، لەم ماوەیەدا چەند شۆڕشێك كراوە بۆ دووبارە كردنەوەی دەسەڵاتی پێشوی لە دەستچوی ، بەڵام شكستی بەشی هەر هەمووی بوە.. پاشان ئەسكەندەری مەكدۆنی هێرشی كرد هەموو وڵاتی ئەخمینی فارسی گرت ،پاشان جێنشینەكانی ئەسكەندەر دەوڵەتی سلوقیان 332پ.ز- 256پ.ز دروست كرد،كوردستانیش لەو ماوەیەدالە ژێر چەپۆكیاندابوونەیان هێشتوە سەر دەربهێنێ دوو بارە فارسەكان دەوڵەتی ئەشكانی یەكەم و 256پ.ز- 67پ.ز، وەئەشكانی دووەم 67پ.ز- 226 دوای زاین یان دروست كرد.جارێكی تر هەموو كوردستان كەوتەوە ژێر چنگی فارسەكان .. هۆزێكی تری فارسی بە ناوی ساسان دەسەڵاتیان پەیداكرد بە سەركردایەتی ئەردەشێری بابكان ئەشكانیەكانیان خست وئیمپراتۆریەتی ساسانیان 226- 638زاینی لە جێیدا دروستكرد.هەموو كوردوستانیان بۆ چەند سەدە ژێر چەپۆك خست هەتا ئەم كاتەكورد بۆ ماوەی 1100ساڵ ژێر دەست بوو،هیچ حكومەتێكی دروست نەكردوە، نەك هەر ئەوە بەڵكو هەموو شەڕەكانیان لەسەر خاكی كورد كردووە، ئەرمەنی و یۆنانی و مەكدۆنی و رۆمانی لە دژی فاسەكان هێرشیان هێناوە، فارسەكانیش بە هەرسێ دەسەڵاتەكەیانەوە دژ هێرشیان كردوە، هەر هەموو هات و چووی سوپاكان بە ناو خاكی کورددا بوە..

پاشان ئیسلام هات، هەردوو ئیمپراتۆریەتی ساسانی و ڕۆمی لەناو بردو كوردستانی لەستەمی ئەو ماوە درێژە ڕزگار كرد، هەتا ماوەیەك حەوایەوە، ئیسلام دوای سەردەمی خولەفای ڕاشدین (632-661ز) سێ دەورەی تر دەسەڵاتی بەسەر هەموو كوردستاندا بوە، دەوڵەتی ئەمەوی (41-132ك) واتە (661-749ز) حوكمی هەموو ناوچە كوردەكانی كردوە، چونكە سەردەمی فتوحات بوە و لە سنورە دورەكانی ئەوروپا و ئەفریقا و ئاسیا جەنگ بوە كوردەكان هەتا ماوەیەك حەوانەوە، دوای ئەو دەوڵەتی عەباسی یەكەم و دووەم (749-1259ز) حوكمی كرد، دەسەڵاتی بەسەر هەموو كوردستاندا بوەو لەبەر زۆر و ستەمی هەندێ لە پاشاكانی كورد شۆڕشی زۆری كردوە، چەندین ئەمارەتی سەربەخۆ و نیمچە سەربەخۆیان دروست كردوە.. پاش ئەوان عوسمانیەكان هاتنە سەر دەور (1299-1909ز) حوكمی ناوچەكەیان كردو كوردستانیان لە ژێر دەسەڵاتدا بوە، كورد لە سەردەمی عوسمانیەكانیشدا دەیان شۆڕشی سەركەوتوو شكست خواردوی بەرپاكردووە، ویستویەتی بونی خۆی بسەلمێنێ.. وەكو مامۆستا ئەمین زەكی و شەرەفخان باسی دەكەن لەهەرسێ سەردەمە ئیسلامیەكەدا، واتە لە ماوەی 1200ساڵ دا كورد نزیكەی (50) میرنشینی گەورە و بچوكی دروست كردوە، پەیوەندیان بە دەسەڵاتی مەركەزییەوە هەبوەو زۆر جاریش شەڕ و هەرایان لە نێواندا دروست بووە، میرنشینی وایان هەبوە كە وەك دەوڵەتێكی سەربەخۆ كاری كردوەو هەموو دەسەڵاتەكانی ئەوكاتە دانیان پیاناوەو مامەڵەیان لە گەڵدا كردوە.. بەڵام كاتێك لە ساڵی 1502ز دا (دەسەڵاتی سەفەوی) بە دەستی یەكەم پاشایان (شا اسماعیل كوڕی شێخ حەیدەری ئەردەبیلی) دروست بوو، ئیتر شەڕی سنور و دەسەڵات لە نێوان سەفەوی و عوسمانیدا دروست بوو، كە كوردستان كەوتبوە ناوجەرگەی سنوری هەردوو دەوڵەت و هەموو شەڕەكانیان كەوتبوە ناو خاكی كورد، لێرەوە ژیانی تاڵی دەست پێ كرد كە ڕەنگە لە مێژووی پێشوی دا ژیانی ڕەشی لەو جۆرەی نەگوزەراندبێ..

تورك خێڵێکی کۆچەری بوون لە ناوەڕاستی سەدەی (13)ی زاینییەوە لە سنوری دەوڵەتی بێزەنتی لە باکوری ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ جێگیر بوون، سلجوقیەکان ئەو پارچە زەویەیان بە بەخششی پێدان، لە بەر ئەو خزمەتە سەربازیەی بۆ پارێزگاری سنوریان بۆیان کردبون، لەبەر ئەوەش بەوە ناونرابوون (پارێزگارانی سنوور)،.. چونکە تورکەکان لەنێوان سنوری ئەو دوو دەوڵەتەدا بوون، جۆری کاروباریان دەگۆڕاو دەسکەوتی مادی یان دەبوو، ئەمە جگە لە مەکسەبی ڕۆحی و معنوی پلەو پایەیان بەرز بویەوە، هەتا بونە ئەمارەتێك و لە لایەن سوڵتانی سەلجوقیەوە لەقەبی (ئەمیر غازی) یان پێدرا،.. سەلجوقی و ڕۆمە بێزەنتیەکان چونکە لە شەڕی درێژماوەدا ماندو بووبوون و لاتینیەکان لە باکور و پشتەوە پەلاماری ڕۆمە بێزەنتیەکانیان دابوو، شپرزەیان کردبون، لەولاشەوە مەغۆلەکان هێرشیان کردبوە سەر دەوڵەتی عەباسی و هەموو هێزی سەربازی و ئابوریان لەناو برد بون و سەلجوقیەکان دوای ئەو کارەساتە هاتبونەوە سەر ماڵی کاول و توانای شەڕیان نەبوو لەگەڵ ڕۆمەکان دا.. ئەم هەلە وای کردبوو کە عوسمانیەکان بتوانن بە ئاسانی باڵی خۆیان هەوابدەن و هەتا چەندە و بەرەو چ لایەك بیانەوێت هەنگاو هەڵبگرن، شار و قەڵایەکی زۆری ناوچەکەیان بە ئاسانی داگیر کرد، جگەلەوەی کە هەستێکی ڕۆحی ئیسلامی بەگوڕیان لەسەرەتاوە هەبوو تازە نەفەس بوون، وەك وتمان سەلجوقیەکان بێهێز و لە پوکانەوە دابوون بە تایبەت کە پاشای سەلجوقی بە هێرشی مەغۆلەکان لەناو چووبوو.



لەم کات و هەلە لەبارەدا (سوڵتان عوسمان) سەرەك هۆز و ئەمارەتی تورك، سەربەخۆیی ڕاگەیاند و خۆی کردە دەوڵەت هەر بە ناوی (دەوڵەتی عوسمانی) ناوزەدکرا، لەوکاتەدا زیاتر لە (11) دەوڵەتۆکە و میرنشین لەناوچەکەدا بوون.. سەرکردەی گەورە و ئازا بۆعوسمانیەکان پەیدابوو، هەریەکەیان پارچەیەکیان خستە سەر دەوڵەتەکە، مامەڵەیان خۆش و دبلۆماسیەتیان سیاسیانەیەکی لێزان بوو بەتایبەت زەوی و زار و قەڵایەکی زۆریان لە ناوچەکەدا کڕی، هەمیشە ڕوی هێرشی عوسمانیەکان بۆ ڕۆژئاوای مەسیحی و دەوڵەتی ڕۆمی بێزەنتی بوو، ڕوەو خاکی ئیسلامی و گەلە موسوڵمانەکان هێرشیان دەکرد، هێرشەکانیان بۆ ڕۆژئاوا چوارچێوەیەکی ئیسلامی و جهاد کاریان وەرگرتبوو، ئەمە وای کرد کە زۆر ئەمارەت و دەوڵەت و لایەنی ئیسلامی یاریدەیان بدەن، یان عەتف و سۆزیان لەگەڵیاندا هەبێ.. ئەم پاڵپشتیە جەماوەریە وای کرد لە گەروی بوسفور (دەردەنیل) بپەڕنەوە بەری ئەوروپا و بە ماوەی دوو سەدە گەیشتنە ناوەڕاستی ئەوروپا و بەڵقان، بەسەرکردایەتی (محمد فاتح) قسگنگینیهیان لەساڵی (1453)دا بگرن، کە پایتەختی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی بێزەنتی بوو.. بەم جۆرە توانیان ئەو هێزە مەزنەی کە بە هەموو توانای جەنگی و هەزار ساڵەی ئەمەوی و عەباسی دژ بە ڕۆم لەناو نەبرا ئەمان لەناویان بردن.. بەمە هەڵویستێکی گەورەیان بۆ ئیسلام تۆمارکرد، خۆیان خستە ئاستێکەوە کە ڕای هەموو موسوڵمانانی جهان بەلای خۆیاندا کێش بکەن و ڕازی بن کە هێزێکی وا حوکمیان بکات..

لەم کاتانەدا کە ئەمان بە جیهادی ناو ئەوروپاوە خەریکن سەرکەوتنی زۆر مەزنیان تۆمارکردوە، لەم کاتانەدا هەواڵ هات کە لە ڕۆژ هەڵاتەوە دەوڵەتێکی مەزهەبی شیعە پەیدابوە، هەرەشە لە سنورەکانی ڕۆژهەڵاتی عوسمانیەکان دەکات کە ئەویش (دەوڵەتی صەفەوی)ە و لە ئێران دامەزراوە.. ئەمانە خۆیان لە بنەڕەتدا سۆفیەکی چاك بوون ڕەگیان لەناوچەی ئەنادۆڵیش هەبوە، بەڵام لەسەردەمی (سوڵتان حەیدەر)ی باوکی (شا ئیسماعیلی سەفەوی)دا لادانێك ڕویدا ئەو دەوڵەتەیان لێدروست بوو، مەبەست لە دروستکردنیان تەنها دژایەتی دەوڵەتی عوسمانی بوو کە خەریکە هەموو دنیا دەگرێتەوە.. عوسمانیەکانیان بە خەتەر دەزانی کە بزاڤێکی سیاسی ئیسلامی سونی مەزهەب دەیانجوڵێنێو هەرکاتێك بەلای ڕۆژهەڵات دا لابکەنەوە خراپیان بەسەر دەهێنن..

دەوڵەتی سەفەوی لە ساڵی 1502ی زاینیدا بە دەستی شا ئیسماعیل یەکەم کوڕی شێخ حەیدەری ئەردەبیلی دامەزرا.. شێخ حەیدەر لە سەرەتاوە گروپێکی سۆفی و خاوەن ڕێز و شەرەف بوون، پاشایان و ئەمیرانی ناوچەکە ڕێزیان دەگرتن لە دەستیان سەلامەت بوون چونکە کۆمەڵێکی بێوەی و بێزیان بوون. بەڵام ئاق قۆینلۆکان بۆ ئەوەی سنووری ڕۆژهەڵاتیان زامن و بەرامبەر عوسمانیەکان دامەزراوبێت دەستیان خستە کاروباری ئەم گروپە سۆفیەوە و بە فێڵ خستیانە ژێر باری چەك و بەرگری لە خۆکردنەوە، پاشان ڕۆحە پاکە سۆفیگەریەکەی شێواندو بردنی بەرەو شیعەگەریەکی توندڕەو عوسمانیەکانی بە جۆرێك لا ناشرین کردن کە بە خوێنیان تێریان نەدەخوارد، ئیتر ئەم گروپە بۆیە هێزێکی سیاسی خاوەن سوپا و کاری ژێر بەژێری و، دەستی دوژمنان، سنوریان لە ڕۆژهەڵاتەوە گەیشتە خۆراسان و لە باکورەوە قوقازو لە ڕۆژئاواوە کوردستان.. لە ناوچەی ئەنادۆڵیشەوە مورید و پاڵپشتیان هەبوو..

کەسێکی موریدی خۆیان وا گۆڕی لە تایفەی قزڵباش کە خۆی ناونا (شەیتان پەرست)، دەستیان کردە بڵاوکردنەوەی خراپە و تاوان.. لە ناوچەی (فارس) هەموو وتارخوێنە سونیەکانی (کازرۆن) یان کوشت،

مرادبەگ کە میرزادەیەکی کورد بوو کوشتیان و بەوتەی (شەرەفخان)گۆشتەکەیان کردە کەباب و دەرخواردی سەربازەکانیان دا، هەر لە بەرئەوەی هاوەڵی دوژمنێکی شا ئیسماعیل بوو، (شێخ الاسلام)ی خۆراسان (سیف الدین أحمد تفتازانی) کوشت لەسەر ئەوەی کە سونی مەزهەب بوو، ساڵی 1507 پەلاماری (صارم الكردي موكري)دا بەڵام خراپ تێکشکا، شا ئیسماعیل بەردەوام ترسی دەخستە ناو کوردەکان و ئەمیرە کوردەکانی بەم لاولادا نقڵ دەکرد، خەڵکی سەر بەخۆی دەخستە جێگەیان، پەلاماری هەرێمی جزیرەی بۆتان و موسڵ و سنجاری داو شکا، سێجار هێرشی تری هێنا، بەڵام زۆر خراپ تێك شکا، هەرچەندە ئەو کاتە کوردەکان لاواز و هەژار و ناکۆك بوون، لەگەڵ ئەوەدا شکستیان بە سوپای سەفەوی هێنا.. کوردەکانی بە جۆرێك ترساند بوو بەردەوام نامە و دیاری و نوێنەریان دەنارده لای شا ئیسماعیل کە وازیان لێ بهێنێ..

جارێك (17)میری کورد چونە لای بۆ پاڕانەو پشتگیری کردنی. بەڵام هەمویانی گرت و بەندی کردن و لەجێی ئەو کەسی سەربەخۆیی دانا.. پەلاماری زۆر لە میرنشینە کوردەکانی دا و داگیری کردن و خراپی پێکردن.. خەڵکی زۆر و میرزادەی میرنشینەکان هانایان بۆ عوسمانیەکان برد کە لایەك بە لای ڕۆژهەڵات دابکاتەوە و ئەو مۆتەکەیەیان لەسەر لابەرێت، سوڵتانی عوسمانی (عثمان باین) ناچاربوو لابکاتەوە بەلای ڕۆژهەڵات داو سوپایەکی گەورەی کۆکردەوەو بەرەو ڕۆژهەڵات ناردی و بەرەی جەنگی ئەورووپای جێهێشت، هەندێ مێژوونوس لایوایە دەستی گاور و جولەکە هەموو لە دروست کردنی سەفەویەکان و گەیاندنیان بەو پلەوپایە و دەوڵەت داریە.. هەر دوو سوپا لە خاکی کوردستاندا بەیەك گەیشتن و شەڕ ڕویدا، بەڵام سەرکردەی عوسمانیەکان کوژرا، هەربۆیە عوسمانیەکان ناچاربوون زۆر لە زۆر لە سوپای ناو ئەورووپا بگێڕنەوەو بەرەو ڕۆژهەڵات ڕەوانەی بکەن، سوپای عوسمانی ئامادەبوون لەوکاتەدا سەفەویەکان بە جەنگی میرنشینە کوردیەکانەوە خەریك بوون سەرکردە کوردەکانی گرتبوو قزڵباشی سەر بەخۆیی لەسەردانان..

هێشتا جەنگ دەستی پێنەکردبوو کە هەواڵ گەیشتە شا ئیسماعیل کە لە ڕۆژهەڵاتی ئێرانەوە (شیبەك خانی ئوزبەگی) بە سوپایەکی زۆرەوە هاتووە، نیازێتی خۆراسان بگرێت، شا ئیسماعیل ناچاربوو هەموو ئەمیرە کوردەکان لە بەندیخانە بەربدات، ڕۆی سوپای ئێرانی کردە ڕۆژهەڵات. ئێران کەوتە نێوان سێ هێزی (ئۆزبەگی و کورد و عوسمانی) یەوە.. بەڵام کورد هەر نائومێد بوون چونکە دەیانزانی کە دوای ئەو شەڕە دووبارە سوپای ئێران دەگەڕێتەوە سەر کوردەکان، بەڵام کوردەکان لەم کاتی نائومێدیەدا دەبینن سوپای عوسمانی لە خۆ ئامادەکردندان بۆ هێرش کردنە سەر ئێران.. ئەمە هەل بوو بۆ کورد، هەر بۆیە سەرکردەیەکی کورد بە ناوی (ئەمیر شەرەفی بدلیسی) داوای کرد لە (ئیدریس بدلیسی)و (محمد ئاغا کلهوری) کە نامەی (20)ئەمیری ئەمارەتی کوردی بەرێ بۆ (سوڵتان سەلیم) وپێی ڕاگەیەنێ کە ئامادەن بۆ یارمەتی سوپای عوسمانی، عوسمانیەکانیش ڕازی بوون چونکە عوسمانیەکان دەبێ بە خاکی کوردا ئەو هێرشە بکەن، سوپای کورد و عوسمانی ئامادە دەبن و پەلامار دەدەن لە دەشتی چاڵدێران دا و جەنگی چاڵدێران لە 23/ 8/ 1514 دا ڕویدا، سوپای سەفەویەکان بەتەواوی لەناو چوون و تەبرێزی پایتەختیان گیرا...

دوای جەنگەکە و ئەو سەرکەوتنە مەزنە، سوڵتان سەلیم سوپاسی کوردەکانی کرد، کوردە میرەکانیش نامەیەکیان مۆرکرد و بە مەلا ئیدریسی بەدلیسیدا ناردیان و داوایان لە سوڵتان کرد:

1- یارمەتیان بدات بۆ پاکردنەوەی ئەو خاکانەی کە ماون و قزڵباشەکانی تیایە..

2- هەر ئەمیرە بکرێتەوە بە میری ناوچەی خۆی.

3- کەسێك دیاری بکات کە سەرۆکی هەموو میرە کوردەکان بێت بۆ پاکردنەوەی خاکیان لە قزڵباشە سەفەویەکان.

سولڵتان وەڵامی ناردەوە هەر خۆیان لە نێوان خۆیاندا چاکترینیان هەڵبژێرن بۆ سەرکردایەتیان و عوسمانیەکان یارمەتیاندەدەن.. هەرچەندیان کرد هەریەکەیان دەیگوت من باشترم لەسەر کەسێك رێك نەدەکەوتن، هەر بۆیە مەلا ئیدریس چویەوە لای سولڵتان سەلیم و وتی خۆت کەسێك دیاری بکەیت باشترە، هەتا زوتر کوردستان لە قزڵباشەکان پاك بکرێتەوە .. مەسەلە حوکمداری نیە بەڵکو کاری سەربازیە و گەر سەرکردەی سوپا لە عوسمانیەکان خۆیان بێت باشتر یارمەتی دەدرێن، هەر بۆیە کوردوستانیان لە سەفەویەکان پاك کردەوە و سەرکردەی سەفەویەکانیشیان کوشت..

مەلا ئیدریسیان نارد بەو کارە هەڵسێ وە خۆیان چونە پاڵ عوسمانیەکان تا بیان پارێزێ، چونکە شا ئیسماعیل بڕیاری دابوو هەموو کوردستان بگرێ.. کورد نەیدەتوانی لەو جەنگەدا بێلایەن بوەستێ یان دەبوو بدەنە پاڵ عوسمانی کە سونی مەزهەب بوون لە خۆیان نەبوون، هەتا ئەو کاتە خراپەیان لێنەدیبوون، یان دەبوو بدەنە پاڵ ئێران کە هەتا ئەو کاتە زۆربەی کوردستانی داگیرکردبوو لەسەرکردە و گەلی کوردی زۆری کوشتبوو، ماڵی کاول کردبوون، یان دەبێ بێلایەن بن، لەو لاشەوە هەر دەبوو سوپای عوسمانی بە خاکی کوردا گوزەر بکات، هەر بۆیە کوردەکان خۆیان بەرژەوەندی ئەو قۆناغەی ژیانی خۆیان بە باشتر زانی و بارودۆخی ئەو سەردەمەی کورد ئەوەی دەخواست و ئەوەش چاکترین هەڵبژاردن بوو کە سەردەم دەیخواست، چونکە عوسمانی گەورەترین دەسەڵاتی سیاسی دنیای ئەو کاتە بوو..

سەردەمی سەفەویەکان 1502-1736 چەرخێکی نوێ بوو لە مێژووی کوردا، وە تەڕترین لاپەڕەی خوێناوی تیا تۆمارکرا، وەك باسمان کرد (شاە ئیسماعیل) (1487-1524)، کورد و هەموو مانایەکی کوردی ڕەت دەکردەوە، هەتا ئەوانیش ئەو (17)سەرۆکە ئەماراتە کوردەشی نەویست کە هاتن بۆ شاری (خوی) بۆ دەربڕینی دڵسۆزی و پشتگیری، بەڵکو هەموویانی گرت و لە جێی ئەوانە کەسی خۆی دانان. ئەوەی شاە طهماسب 1554 بە کوردی کرد، هۆلاکۆ و تەیموری لەنگ نەیکرد ، شاە عەباسی یەکەم (1587-1629) بەسەرکردایەتی خۆی پەلاماری شاری (خوی) داو شاری (ماکۆ)ی کاول کرد زۆر لە خەڵکی کوردی ئەو شارانەی کوشت، ساڵی 1608 گەمارۆی قەڵای برادۆستیەکانیدا، ئەفسانەی (قەڵای دمدم) لە نزیك ئورمیەدا ڕویدا.. پاشان ڕاپەڕینی لهالیش 1593 ڕوی دا دژی سەفەوی، شاە عەباس پەلاماری خێڵە موکریەکانی دا و گواستنیەوە بۆ خۆراسان.. بەڵام بەو هەموو زۆر و ستەمەوە هەر نەیانتواى خۆیان فەرز بکەن بەسەر کوردستاندا.. لە ساڵی 1600 دا دەسەڵاتی هەڵۆخانی ئەردەڵانی زۆرفراوان بوو، خان ئەحمەد خان دوای باوکی هاتە سەردەور لە کرماشان هەتا ئورمیەی بەدەستەوە بوو، بەڵام (صەفی) شای ئێران هێرشی کرد و (1638-1639) خان ئەحمەد خانی شکان، هەرچەندە عوسمانیەکان یاریدەیان دا بەڵام لە دەریاچەی مەریوان تێك شکاو هەڵهات بۆ موسڵ..

کوردو دەوڵەتی ئەفشاری

ئیتر سەفەویەكان لە كۆڵ كورد بونەوە.. دوای ئەوان (دەوڵەتی ئەفشاری) (1736–1804ز) لە ئێران دامەزرا، نادر شای دامەزرێنەر زۆر دڕندانە و بە هەمان شێوازی پێشینەكانی پەلاماری موكری و بۆتان و هەولێر و موسڵی دا.. خێڵی دونبولی كورد كە شۆڕشیان لەدژ كردن، توانیان هەتا (خوی) و(سەلماس) یان لێبسێننەوە، نادرشاه كە لەم كاتەدا بە هێرشی دژی كوردەكانی خۆراسانەوە خەریك بوو لە 20 تەموزی 1747 دا كوژرا.. پاشان دەوڵەتی زەند (1750–1795) بە دەستی كەریم خانی زەند لە ئێران دا دروست بوو، زەند دەوڵەتێكی كوردی بوو هەموو گەلانی ئێران لە ژێر سایەی دا حەوایەوە.

محمد كەریم خانی زەند لە ساڵی 1704 دا لەدایك بوو، ساڵی 1779 مرد، سەرۆكی عەشیرەتی زەندی كوردی خۆراسان بوو، هەر لەو ناوچەیە حكومەتیان دروست كرد لە ڕۆژئاوا و باشوری ڕۆژئاوای ئێران، یەكێك بوو لە داد پەرەوەرترین پاشایانی ئێران كە ئەوروپیەكان بە (پاشای ساغ و ڕاستگۆ) ناویان بردوە، بەڵام نووسەرانی مێژووی كوردی لای خۆمان بە ترسنۆك و خۆبەكەم زان و خزمەت كار ناویان بردوە، هەر لەبەر ئەوەی بە خۆی دەوت (وكیل الرعایا) و خۆی ناو نەناوە پادشا و خۆی بە زل نەزانیوە، ئەوان حەزیان دەكرد پیاوێكی كەللەشەق و شەڕانی بوایە، لە خۆڕاییی میللەتی بە كوشت بدایە، هەتا وەك پاڵەوان بیان ناساندایە و شەڕی مەزن و خوێناویان بۆ تۆمار بكردایە كە لە مێژوودا بە داخەوە ئەو لایەنەی مێژووی كورد زۆر زەق كراوەتەوە و كورد بە شەڕانی و گێرەشێوێن لە قەڵەم دراوە، كورد سەركردەی نەرم و نیان و سیاسی وردبین و نیشتمان پەروەری دانای وەك كەریم خانی زۆرە، ئێمە دەتوانین لایەنە گەشەكانیان زیاتر دەر بخەین، هەتا ئەو پەڵەیە یان ئەو ناشرین كردنە برەوێنینەوە و بۆ دنیای دەربخەین كە كورد تەنها بەرگری كەربوە لە خاكی خۆیو دوژمنان بە زۆرەملێ ویستویانە دەست بەسەر كوردا بگرن و سوود لە خۆیان بۆ سەربازی و لە خاكیان بۆ بەروبوم وەربگرن..

**كوردو دەوڵەتی قاجاری**

دوای مردنی كەریم خان قاجاریەكان زاڵ بوون و (دەوڵەتی قاجاریان) دروست كرد، ئەمانە پاشماوەی توركە جەنگیزخانیەكان بوون، لەساڵی (1770–1896) حوكمێكی دڕندانەیان كرد، هەمیشە قاچیان بەسەر كوردەكانەوە بوە و نەیان هێشتوە تاوێك بحەوێنەوە.. (ئاغا محمد خان) بە دامەزرێنەری قاجاریەكان ناودەبرێت كە ساڵی 1796 بناغەی دانا و سنوری فراوان كرد، خۆیان بە دوژمنی سەرسەختی خێڵی زەند و سەرەك هۆزەكانیان دەزانی، زۆر بە بێ ڕەحمانە دەیانویست لە ڕەگ دەریان بهێنێ، دوا ئەمیری زەندەكانی لەناو برد، سەری شەش هەزار زەندی لەلاشەی كردەوە، بەرماڵە بە نرخەكەی كەریم خانی پارچە پارچە كرد ، قەبری كەریم خان و نادر شای ئەفشاری هەڵكەند و پاشماوەكانی لاشەیانی لەبەردەم كۆشكەكەی دا ئەسپەردە كرد هەتا هەمیشە بەپێ بەسەریاندا بڕوات، لەگەڵ ئەوەدا هەردوو خێڵی ئەردەڵان و شكاك یاریدەیان دەدا، ئاغای محمد خان ساڵی 1797كوژرا، دوای ئەو فتح پاشا هاتە جێی، ئەم پەلاماری خێڵی شكاكیدا لە ناوچەی ورمێ كە لەوكاتەدا ئەمارەتێكیان لە ئازربایجان پێك هێنا و پڕوپاگەندە وابوو دەستیان لە كوشتنی (ئاغا محمد خان) دا هەبوە، پاشان بۆ شاییەك دروست بوو، (ئەمانوڵاخان) ی ئەردەڵان وەك پاشایەك خۆی نواند و حوكمی (سنە) و دەوروبەری دەكرد، پاشان تێكەڵیەك لە حوكمی فارس و كورد پێك هات..

ساڵی 1848–1896 حاجی فرهاد میرزا کرایە حاکمی ئەردەڵان کە کەسایەتیەی فارسی بوو، ناوچەی هەورامان ڕازی نەبوون، خۆیان لەو دەسەڵاتە جویێ کردەوە، جا وەك ناوچەیەکی سەربەخۆ حوکمی خۆیان دەکرد..

**کوردو پەیدابونی هەستی نەتەوایەتی**

ساڵی 1880شێخ عبید الله ی کوڕی سەیتەهای شەمزینی (هەکاری) دژی قاجاریەکانی ئێران جەنگا، پیاوێکی ئاینی و دنیاییەکی ژیر بوو، ناودار بوو لە دەریاچەی (وان) تا ناوچەی ئورمیە و خۆی و مهابات و سنە (ئەردەڵان) ی بەدەستەوە بوو، وەك پادشایەك حوکمی دەکرد، هەوڵی دەدا کەسایەتی کورد لە تەقلیدیەوە بگۆڕێ بۆ کەسایەتیەکی ڕۆشنبیر و هەست بە مسئولیەتی نەتەوەیی کردن. لە ڕوی ئاینیەوە توندڕەوو متعصب نەبوو کراوە بوو، مافی هەموو کەسی دەدا، تەنانەت ئەرمەنی و ئاسوریەکانیش پشتیان دەگرت، لەو کاتەدا فارسەکان تەعدایان لە ژن و ماڵی کورد دەکرد خاکیان بەبێ ساحێب دەبینی، سەروەتیان بە تاڵانی دەبردن، شێخ عبید الله ئەوەی دەبیینی پێ‌قبوڵ نەدەکرا، هەر بۆیە کوڕەکانی خۆی بە سوپایەکەوە تەیارکرد ، ڕەوانەی زۆرداره فارسەکانی کردن، لە (1)ئەیلول 1880دا لاهیجان و سەردەشتیان پاك کردەوە، پاشان لە 23ئەیلول دا ئوشنویە و ئورمیە یان ڕزگار کرد، لە (تەبریز) نزیك بونەوە کە بارەگای (وەلی عەهد) ی ئێران لەوێ بوو، ناصر الدین شاه ترسا کە شۆڕشگێڕان بگەنە تاران ، هەر بۆیە تاوانباری کردن بە (وەهابی)، داوای لە ڕوس و بەریتانیا و عوسمانی کرد یاریدەی بدەن، بەرژەوەندی ئەوانیش لەوەدا بوو لەو هەل و مەرجەدا هاوکێشەکان نەگۆڕێن، هەر بۆیە ڕوسیا هات بەدەمیەوەو بریتانیا داوای لە عوسمانیەکان کرد فریای ئێران بکەوێ.. ئەنجا ئێران (20)هەزار سەربازی بە تۆپ و جبەخانەوە نارد، شێخ عبید الله ی ناچارکرد بکشێتەوە ناوخاکی عوسمانی و بردیانە ئەستەنبوڵ، لە تەموزی 1881دا بەند کرا، بەڵام بەیارمەتی فەرەنسە و لە جەژنی قوربان‌دا هەڵهات و گەڕایەوە کوردستان.. دووبارە گیرایەوەو (سوڵتان عبد الحمید) بە داوای (ناصر الدین شاه)، بە خاو خێزانەوە دووری خستەوە بۆ مەککە، هەتا لە تشرینی یەکەم 1883دا لە شاری مدینە مرد..

پاشان (حەسۆ بەگ) و (بدر بەگ) کوڕانی حەسەن بەگ گیران و کوژران و شۆڕشەکەیان هەرما، ئەمانە سەر بە خێڵی (دەشت) بوون، شۆڕشەکە ئورمیە و مهابات و سەردەشتی گرتەوە، فارسەکان ناچاربوون ناوچەکە بەجێ‌بهێڵن..

بارودۆخی کوردستان بەم جۆرە ڕۆیشت هەتا ژیانی ناوچەکە پێی نایە دوواسەدەی هەزارەی دووەم، کە لێرەدا ڕووداوەکان خێراترو دۆخی کورد ئاڵۆزتر بو، هەرچەند سەدەیەك بوو کە هەستی نەتەوایەتی کورد بە تەواوی پێ‌گەیی بوو، بونیادی ڕۆشنبیری و شارستانی و سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد پێی‌نایە قۆناغێکی زۆر گرنگ و هەتا ئاستێکی باش گەشەی کرد..

**دەستوری مەشروتە**

ئێران پێی نایە شۆڕشی نوێ، داوای دەستووری تیا دەکرا، ناودار بوو بە (دەستوری مەشروتە) ئەوانیش لە نێوان سالأنی (1905–1911)دا ڕووی دا و کورد ڕۆڵێکی گرنگی تیا گێڕا..

کەمال مەزهەر هەمیشە ئەو شۆڕشانەی بۆ باری ئابوری‌و لاسەنگ بوونی ژیانی خەڵکی بردۆتەوە، ڕەچاوی باری ئاینی و ستەمی نەتەوەیی نەکردوە، دەڵێ شۆڕشەکانی کورد شۆڕشی کۆیلە نەبوون و ڕاپەڕینەکانی کوردی بۆ باری تر بردۆتەوە..

(جمال الدین ئەفغانی) کاریگەری زۆربوو لەسەر هەڵگیرسانی شۆڕشی دەستوری (مەشروقە) ، هەروەها (میرزا خان) کە ڕۆژنامەوان بوو ڕۆژنامەیەکی لە لندن دەکرد، بە ناوی (ڕۆژنامە قانون)، داوای گێڕانەوەی دەستوری دەکرد بۆ ئێران، ئەوانە خەڵکان و گەلانیان هان دەدا کە ئیتر پادشایی و پشتاو پشت بەست بێت، با میللەت کەسی شیاو بەرێی ئازاد و دیموکراسیانە بۆ پێشەوایەتی ولآت هەڵبژێرێ.. ئەمە سەرەتایەك بوو بەلأم دوا پەردەشی ئەمە بوو کە (ناصر الدین شاه) دوا پاشای قاجاری سالّی 1896 کوژرا و، قاجاری کۆتایی هات.

بارودۆخی ئێران ئاڵۆز بوو، بەریتانیا و ڕوسیا کێبەرکێیان بوو لەسەر ئێران هەتا جەنگی جیهانی یەکەم هاتە گۆڕێ..

**کوردو جەنگی جیهانی یەکەم**

جەنگی جیهانی یەکەم بارودۆخی دونیا و ناوچەکەی ئاڵۆز کرد، هاوکێشەکان تێکەڵ و پێکەڵ بوون، دەوڵەتی عوسمانی هەڵوەشایەوە، بۆشاییەکی گەورە لەناوچەکەدا دروست بوو کە دەبوو بە هەر شێوەیەك بووە پڕبکرێتەوە، کێبەرکێیەکی توند لە نێوان بەریتانیا و فەرنسە و ڕوسیا و کەمالیەکاندا پەیدا بوو، ڕوداوی چارەنووس سازی زۆری بۆ گەلان لێکەوتەوە، بەلأم کورد خۆی چونکە ئامادە نەبوو هیچی دەست نەکەوت و ڕەنج بە خەسار بوو.!!

پێم سەیرە و زۆریشم پێ سەیرە بە پاڵی کوردا و لەو 500 ساڵەدا قافڵە قافڵە دوای قافڵەی ڕوداو گوزەری دەکرد، هەر قافڵە و کاروانێك لەهەگبەیدا ژانی بەبونی چەند دەوڵەت و ئیمپراتۆریەت و گەل و نەتەوەیەکەوە دەبژارد.. خێڵی بچوکی وا دەبویە حکومەت و ئیمپراتۆر لە ئاستی یەك خێڵی کوردانە بوو، بەلأم کورد هەر هیچ و سفر بەدەستەوە.. سەفەویەکان چەند کەسێك بون بەپەنجەی دەست دەژمێردران بونە ئیمپراتۆریەت و مەزنترین بونیان لە ئێران و ناوچەکەدا سەلماند.. عوسمانیەکان خێڵێکی چوارسەد ماڵی‌بوون لە تورکمەنستانەوە لە ترسی مەغۆلەکان بەرەو ڕۆژئاوا هەڵهاتن، لە باکوری کوردستان هەڵیان دا سوکە هەلێکیان بۆ گونجاو بونە مەزنترین ئیمپراتۆریەتی دونیا، ئەوکاتە کورد (5)ملیۆن دەبوو، فراوانترین و دەوڵەمەندترین و ستراتیجیترین خاکی هەبوو، لەڕووی تەداروکات و سەربازیەوە هەموو شتی هەبوو، نەیتوانی لەو 500ساڵەدا هیچ بکات کە هەموو هەلەکان بۆ کەس لەبارنەبوو هێندەی بۆ کورد لەبار بوو بەلأم مەخابن..!!

عوسمانیەکان نەخاوەنی خاك بوون و نەسەرباز، بەلأم هەر لەو کات و ساتەدا تەنها میرنشینی دیاربەکر 50 هەزار چەکداری کورد و فراوانترین خاك و دەوڵەمەنترین زەوی هەبوو، تورك ژیرانە خۆیان لەگەڵ سەلجوقی و عەباسی و ممالیك دا گونجان و نەیهێشت تاکە هەلێکی لەباری لەدەست بچێت، ئەو بوو بە شت، بەلأم 46

میرنشینی کورد کە لەو کاتەدا هەبوون و بە هەمویەوە سەدان هەزار چەکداری هەبوو، درێژی خاکی کوردستان 1300 کیلۆمەتر و پانی 550 کیلۆمەتر وپێوانەی گشتی لە 500 هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە تێدەپەڕی.. بەڵام خێڵی تورک کە کۆچەری بون، یەک بست خاکیان نەبوو، سەلجوقیەکان چەند کیلۆمەترێکیان لە باکوری کوردستان و ئەنادۆڵ پێبەخشین بۆ لەوەڕی ئاژەڵەکانیان، ئەوانە بون بە ئیمپراتۆر، بەڵام کوردی خاوەن ژمارە و مێژوو خاک و هێز لە سنوری میر و میرایەتی میرنشینە گچکەکاندا خەریکی یەکتر قوت دان و دژایەتی دەوروبەر بوون..

سەفەویەکی چەند تاکە کەسی کە تەنها 7 کەس لەگەڵ شاە ئیسماعیل بوو کە بە پەنهانی لە گەیلانەوە چوو بۆ ئەردەبیل ، ئەو کاتە تەمەنی 13 ساڵان بوو، ئەوە توانی ببێتە ئیمبراتۆریەتێکی فراوان و زۆربەی میرنشینە کوردیەکان لەناو بەرێت، بەڵام کوردی چارەڕەش بەودەیان میرنشینەوە هیچ بە دەستەوە..!!

بەڕاستی ئەوە نەخۆشیەکە و هۆی زۆرە، پێویست بە لێکۆڵینەوەی ورد دەکات، چونکە ئەو نەخۆشیە ماکی هەیە، هەتا ئەمڕۆکەش ئاسەواری ماوە، دەبێ تەشخیص بکرێ و چاری بۆ بدۆزرێتەوە، دەنا جهان و بونەوەر بەرەو کۆتایی دوا سوڕە خولانەوەکانی دەچێ، نەنگییە و زۆریش نزمیە ژیان تەواو ببێ و گەلێکی 40 ملیۆن دانیشتوانی و 500هەزار کیلۆمەتر خاکی نەیتوانیبێ لە سەدان هەل یەکێکیان بقۆسێتەوە و خۆی لەسەر خاکی بنوێنێ و خەون و ئاواتی هەزاران ساڵەی گەلەکەی بێنێتە دی..!!

## سەرچاوەکان


1- شەرەفنامە –شەرەفخانی بەدلیسی– وەرگێڕانی هەژار – 1972 نەجەف.

2- کورد و کوردستان – محەمەد ئەمین زەکی – سیدیان – مهابات.

3- کوردستان و کورد – د. عبدالرحمن قاسملو – 1973 بنکەی پێشەوا. وەرگێڕانی عبد الله حسن زادە.

4- مێژووی کورد و کوردستان – محمد مەردۆخی کوردستانی – وەرگێڕانی عبد الکریم محمد سعید 1991 بغداد.

5- جوگرافیەی کوردستان – عبد الله غفور – سلێمانی 2000 لە دەزگای سەردەم.

6- کورد و کوردستان –واسیلی نیکیتین – وەرگێڕ خالیدی حیسامی 1998 هەولێر.

7- کورد –ڤلادیمێر ڤیۆدۆرۆ ڤیچ مینۆرسکی – وەرگێڕ حمە سعید حمە کریم – بغداد 1984.

8- کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا – د.وەلید حمدی – وەرگێڕانی محمد نوری تۆفیق – 1999سلێمانی

9- في تأريخ ايران الحديث و المعاصر – د.كمال مظهر احمد – 1985 بغداد.

10- تأريخ الشعوب الاسلامية – كارل بروكلمان – ترجمة منير بعلبكي بيروت 1977 الطبعة السابعة.

11- ايران دراسة عامة – محمد وصفي ابو مغلي – البصرة 1985.

12ـ السلطان عبدالحميد الثاني – اورخان محمد علي – رمادي 1987.

13ـ الدولة العثمانية. الدكتور على محمد الصلابى.دارالمعرفة بيروت،2006

14ـ شاه اسماعيل اول.دكتور منوچهر پارسا دوست. چاپ دوەم. تهران 1381 هەتاوی (فارسی)